# کۆچ و شوێن گۆڕکێ

ڕەحمان سۆفی

## ژیانی پەنابەر و کۆچەری کورد لە سوێد

### پێشەکی کۆچی مرۆڤ بەگشتی

لە بەرەبەیانی مێژووی لەمێژینەوە تا بە ئەمڕۆ، مرۆڤ بە بێ وێستان لە سەر گۆی زەوی، هەوڵی ئەوەی داوە کە شوێنگەی ژیانی هێمن و بەرێ و جێ بۆ خۆی دابین بکا، تا بتوانێ لە ئاشتی و ئاسایش دا بژی. جا، بۆ ئەم مەبەستە لە مەڵبەندێکی جوگرافییەوە بۆ مەڵبەندێکی دیکە کۆچی کردووە. ئاڵوگۆڕی ژینگەی خۆی کردووە. بەڵام زۆربەی هۆی کۆچ و شوێن گۆڕکەی مروڤ یان بە هۆی کارەساتی دڵتەزێنی سروشتەوە، وەک گۆڕانی ئاو و هەوا، کەشی نێوان ئاسمان و زەوی، بۆمەلەرزە، سەهۆڵبەندان، سێلاو، ڤۆڵکان، گەرمای زۆر و وشکە ساڵیەوە بووە. یان هۆکاری کارەساتی شەڕ، ئاڵۆزی و ناکۆکی نێوان هۆز و نەتەوە گەلی دژ بە یەک، یان شەڕی نێوان دەوڵەتان، گۆڕانی سنووری سیاسی نێوان وڵاتان و دابەشبوونی دنیا بەچەن قارە، و دەوڵەتی جۆراو جۆر و خاوەن دەسەڵاتگەلی نە وەک یەک. ( هەڵبەتە زۆربەی پێغەمبەرەکان و زانایانی بە ناوباگی دنیاش بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی دوژمن یان بۆ پەرەپێدانی ئاین و بیر و باوەڕی خۆیان کۆچیان کردووە. یان بە تۆپزی دوور خراونەتەوە)
دیارە کە لەم کورتە نووسراوەیە دا من نەمگەرەکە بە وردی مێژووی کۆچ و شوێن گۆڕکەی مرۆڤ شیکەمەوە و هەڵیسەنگێنم. تەنیا ئاماژەیەکە بۆ دیاری کردنی پێشینەی ئەم دیاردەیە. لە دەسپێک و نیوەڕاستی سەدەی بیستەم دا دوو شەڕی گەورەی جیهانی ماڵ وێرانکەر و خوێن ڕشتنی چەند میلیۆن مرۆڤی بێ دەسەلات بوەتە هۆی کۆچی بە کۆمەڵی مرۆڤ. ئەم هۆییە لەم سەدەیەدا دیاردەی کۆچ و ئاڵوگۆڕی سنووری نێو نەتەوەیی تۆختری بە دواوە بووە.

### کورتە مێژووی کۆچەر وەرگرتن لە سوێد

بەپێی بەڵگەی ئارشیوی دەزگای بە ڕێوەبەری پەنابەر و کۆچەرانی سوێد مێژووی کۆچ بۆ ئەم وڵاتە بە کورتی بەم شێوەیە:

- دەستەی ئاڵمانی بە ناوی هانسا – Hansa tyskar
- دەستەی فینلاندییەکان Finnar لە سەدەی 16 ەوە تا ئێستاش بەردەوامە.
- دەستەی Vandra Folk - Rommar یان قەرەچ و دۆمی گەڕۆک zigenare
- دەستەی والۆنەکان Valloner کە پیشەساز بوون بۆ دەرهێنانی مادەی ئاسن لە کانی ژێر زەوی دەگەران. ئەم دەستەیە لە سەدەی 17 دا بەرەو سوێد کۆچ دەکەن و لەوێ نیشتە جێ دەبن ئەمڕۆ لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی سوێدن.
- دەستەیەکی دیکەی فینلاندی بە ناوی Savolaxfinnar لاکـــسـڤـــاسـا فیننار هەر لە سەدەی 17 دا بە وەکوو کرێکاری کۆچەر لە سوێد وەردەگیرێن. بەو مەرجەی کە لە دارستاندا نیشتەجێ بن و کار بکەن. و هەڵبە تە لە باج دانیش بە دەوڵەت معاف کراون.
- دەستەی جولەکەکان judar بۆ ئەوەی ئازاد بن و بە مەیلی خۆیان پەیرەوی لە ئاینی خۆیان بکەن ڕوو دەکەنە وڵاتانی Skandinavia سکاندیناڤیا و زۆربەیان لە سوێد دەگرسێنەوە. هەڵبەتە ئەم جولەکانە تا شەڕی دووەمی جیهانی بەردەوام لە کۆچ دا بوون تا ئەو دەمەی کە دەوڵەتی خۆیان دامەزراندووە.

- دەستەی هونەرمەند، فیلەسۆف و ڕووناکبیرانی فەڕانسەوی لە سەدەی 17 و 18 دا مەجبوور بە کۆچ دەکرێن. بۆ نمونە ڕێنە دکارت Rene de Crte دە چێتە لای مەلەکە کریستینا Drotning Kristina و پەنا وەردەگرێ و دەبێتە مامۆستای فەلسەفە ی ئەو.
- دەستەی ئەندازیار و مێعماری ایتالیای Italienare بۆ ئامادە کردنی بەردی مەڕمەڕ و کۆشک دروست کردنی چینی خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەند وەردەگیرێن.
- دەستەی سکاتلاند ییەکان Skottar بەرەو سوێد کۆچ دەکەن و لە باشووری سوێد دا نیشتە جێ دەبن و کارخانەی شەڕاب و ئاوجۆسازی دائەمەزرێنن.

ئەمە ئەو دەستەیە بوون کە لە وڵاتانی دەرەوە بۆ سوێد کۆچیان کردووە. بەڵام بە پێی بەڵگەکان لە نێوەڕاستی سەدەی 19 دا تا دەگاتە نیوەی یەکەمی سەدەی 20 نزیک بە یەک میلیون وسێ سەد هەزار خاوخێزانی سوێدی، وڵاتەکەیان بە جێ دێڵن و پەڕیوەی وڵاتانی ئەمریکا، کانەدا و ئاوسترالیا دەبن. هۆی ئەم کۆچە نابەدڵەش زۆرتر لە ڕێگای دەریاوە بووە، قات وقڕی، و نەبوونی ئازادی سیاسی، ئایینی و ڕامیاری بووە. بەڵام لە کۆتایی شەڕی دووەم دا قانونی پەنابەر و کۆچەر وەرگرتن دەگۆڕن، ئەوبارە دەگۆڕدرێ کۆچی گرو گەلی جۆرا و جۆر بەرەو ئۆروپا و سکاندیناڤیەن و سوێد دەکەونە ڕێ.
مێژووی کۆچ لە دوای کۆتایی شەڕی جیهانی دووەم ئەو بارە پێچەوانە دەبێتەوە. ئەو وڵاتانەی کە لە شەڕدا بەشداربوون، وڵاتەکەیان وێران ببوو، سیاسەتی ئابووریان وا داڕشت کە بۆ دووبارە سازکردنەوەی وڵاتەکەیان و وەگوڕخستنەوەی فابریکەکانیان پێویستیان بە هێزی کاری ئینسانی هەبوو. لە ساڵی1951 دا لە شاری ژنێڤ لە وڵاتی سویس بڕیارنامەیێک مۆردەکەن، کە پەنابەر و کۆچەر لەو وڵاتانەی کە ئاڵۆزی و ناکۆکی نێو خۆیان هەبوو، و هەیە وەرگرن. بەتایبەتی پەنابەرانێ کە لە وڵاتانی ئۆروپای ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتن. وەک وڵاتی سۆڤیەتی یەکگرتوو هەڵبەتە بڕیار وابوو کە لە هەموو گروو، ونەتەوەکان وەربگیرێ.
بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە لەبەر شەڕ ونەبوونی ئازادی ڕامیاری یان لە بەر تاراندنیان بە هۆی ئایینی و مەزهەبی. لەم سەردەمەدا گرووی کرێکارانی یونانی، ئیتالیایی، یوگوسلاوی، و تورک ڕوودەکەنە وڵاتانی ئۆروپای ڕۆژئاوا و سکاندیناڤی.

## کۆچی کوردەکان بۆ ئۆروپا و سکاندیناڤیا

دوای کۆتایی شەڕی جیهانی دووەم یانی لە دەهەی 50 و 60 دا کوردی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیە ش وەک کرێکاری کۆچەر ڕوولە وڵاتانی ئۆروپا دەکەن. نموونە ئەوەیە ئەو چەند میلیونە کوردەی کە ئەمڕۆکە دوو سێ نەوەیەن لە وڵاتی ئاڵمان، فەڕانسە، بلژیک، هۆلاند، و وڵاتانی سکاندیناڤیا دا کار دەکەن. هەندێکیان لە نێو فەرهەنگ و داب ونەریتی ئەو وڵاتانەدا تواونەتەوە. نەسلی دووەم و سێهەم خۆیان بە کورد دانانێن. ئەوە نەبێ کە جاربەجار دەبێژن باپیرم یان باوک و دایکم کورد بوون.
لە دەهەی 70 دا کاتێک شۆڕشی کوردی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق هەڵایسایەوە زۆر لە کوردەکان موجبوور دەبن کە وەک خوێندکار و پەنابەر و کۆچەر ڕوو بکەنە ئۆروپا و وڵاتانی سکاندیناڤیا. لە نێوەڕاستی دەهەی 70 دا بە هۆی خەیانەتی ئەمریکا و شای ئێران بە شۆڕشی کورد، دەستە دەستە کورد بۆ وڵاتانی دراوسێ و دوایەش بەرەو ئمریکا و ئۆروپا و وڵاتانی سکاندیناڤیا پەڕەوازە و ئاوارە دەبن. و ئەم کۆچ و پەڕەوازە بوونەی کورد هەتا ئێستاش بەردەوامە. بە هۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران و هەروەها کودەتای ژنراڵەکانی تورکیاوە، بەردەوام تا هەنوکەش کورد ناچارە بە کۆچە.
کاتێک پەنابە و کۆچەر دەگاتە وڵاتێکی وەک سوێد یان ئالمان هەوڵ کاری کە دەبێ بیکا ئەوەیە کە دەبێ خۆی بە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی پەنابەر وکۆچەران بناسێنێ. و چاوەڕێ بێ کە ئایا وەری دەگرن یان دێپۆرتی دەکەنەوە.
لاوی پڕ سۆز و پڕ ئاواتی پەروەردەی وڵاتی سیستمی کشت وکاڵ و ئاژەڵداری کە دەگاتە وڵاتی سیستمی پیشەسازی، دیارە کە لە باری زمانەوە، لە باری فەرهەنگەوە ،لە باری شێوەی جل وبەرگەوە، تنانەت لە باری ڕوخسارەوە لەگەڵ خەڵکی ئەوێ جیاوازی گەلێک زۆرە. هەموو شتێک سەرنج ڕاکێش و جێی ڕوانین و تێڕامانە. بەڵام دوای ماوەیەک دەردەکەوێ کە نەوایە، بۆ نموونە لە زانکۆ لەگەڵ چەند خوێندکاری دیکە دەخوێنێ کەم وایە کە بۆی بلوێ لەگەڵیان یەک کەوی و پەیوەندی دۆستانە بگرێ. چونکە

ئەوان لە نێو خۆش دا هەروان، زۆر لەگەڵ یەکدیش تێکەڵاو نابن. بە تایبەت لەگەڵ غەریبە، ئەویش غەریبەیەک کە لە وڵاتانی ئاسیایی، و ئەفریقاییی وە هاتبێ. هەڵبەتە لە هەمبەر قانون دا هەموو وەکوو یەک چاویان لێدەکرێ. بەڵام لە نێو خەڵکی ئاسایی دا وانییە. گروپی ڕەگەزپەرست « نیونازیسم » کە لە ئالمان هەن و زۆریش درِن، لە سوێدیش هەروا. لە فەرانسە « حیزبی ناسیونالیستی شۆپان » هەیە. هەڵبەتە ئاکاری ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵ دا ڕەنگ ئەداتەوە. هەتا کرێکاری خۆیان هەبێ کرێکاری پەنابەر و غەریب وەرناگرن. کرێکاری غەریب و بێگانە وەک هاو وڵاتیکی ڕادە دوو چاوی لێدەکرێ. بەڵام ئەم دیاردەیە لە هەموو جێگە و کاتێک دا، وەک یەک ڕەنگ ناداتەوە. هەڵبەتە سەرە ڕای ئەمانەش، وڵاتانی ئۆروپای سەنعتی و پێشکەوتو شوێنگەی ڕووناکبیرانە. نزیک بە 600 ساڵە کە لە وڵاتی سوێد زانکۆ هەیە. پەنابەر مەجالی ئەوەی ئەدرێتێ کە تا پلەی باڵا بخوێنێ. دیارە ئەو پەنابەرانەی کە دەگەنە سوێد، لە چین و توێژی وەک یەک نین. بیر و بۆ چوونی جیاوازیان هەیە. هەندێکیان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە تووشی گیروگرفت دەبن. هەمووو شتێک لەگەڵ خۆیان بێگانە دەبینن. و لە خۆیان دەپرسن

« ئێرە کوێیە، و من لە کوێم؟» دیارە کە ئاو و هەواش زۆر کاریگەری هەیە. لە وڵاتی خۆی هەتاو زۆرە، لەسوێد بە دەگمەن هەتاو دەر دەکەوێ. زۆربەی باران دەبارێ، یان دایمە تەم و مژە، هەورە، زستانی دوور و درێژە. دیارە کە ئەمانە هەموو لە جێی خۆی، گرفتی سەرەکین. دوای ئەوەی کە زۆر بە زەحمەت دەورەی زمان تەواو دەکەن. دبێ بچنە بازاڕی کار. ئەگەر کارێکی فەننی نەزانن، شانسیان زۆر کەمترە کە کارێک وە دەست خەن، ئەگەر نەتوانن بە نەخشە و پلانی خۆیان بگەن. تووشی قەیرانی دەروونی دەبن. « هەڵبەتە ئەمە شتێکی گشتی نییە» بەتایبەت ئەو کەسانە کە زۆر عاتفین و لە بنەماڵەی خۆیان دا بە ناز پەروەردە بوون. بە پێی ئەوە کە لە کۆمەڵگای سوێد دا ژیاوم، زۆر ساڵیش وەکوو وەرگێڕ «مترجم» بۆ پەنابەران کارم کردووە. بە بەراوردی خۆم ئەو کۆچەرە کوردانە بە سێ دەستە دابەش دەکەم:

1 – بە پێی بۆ چوونی خۆم 20 تا 25 لە سەدی کوردەکان کە لە ئۆروپا و سکاندیناڤیا بە تایبەتی لە سوێد دەژین، زەحمەتیان کێشاوە و دەرسیان خوێندوە و لە کۆمەڵگای ئەوێدا جێگای خۆیان کردۆتەوە. لە بازاڕی کاردا بە تایبەتی لە خزمەت کاری پزیشکی و پاک و خاوێنی دا سەرکەوتووترن. ئەم دەستە لە خوێندن و کار و ژیان دا لە پێشن.

2 – نزیک بە 60 تا 65 لە سەد ژیانی ئاسایی یان هەیە. دەتوانین بێژین هەر وەک ئێرە، ئی وایان هەیە شۆفیری تا کسییە، شۆفیری ئۆتووبوسە، پیزافرۆشی، یان ڕستوڕانی هەیە. ئی واش هەیە فرۆشگای میوەی هەیە. یان کرێکای پاکژکارییە لە جێگای جوراوجۆر. هەندێک لە کارخانەکان دامەزراون. هەیە لە فابریکی گەورەی وەک ڤۆلڤۆ« volvo » وەک کرێکاری فەننی و لێزان کار دەکەن. هەڵبەتە بە گشتی زۆربەی پەنابەر و کۆچەران کاری بە دڵی خۆیان وەدەست ناکەوێ، وەک نموونە (کابرایەکی پاکستانی کە گۆیا لە دەورەی حکومەتی زولفەقار عەلی بوتۆدا نوێنەری پارلمان بووە لە سوێد ماوەیەک بێکار دەبێ. ئەویش بە ناچار لە نەخۆشخانەیەکی بە ناوبانگی یوتەبۆری Göteborg وەکوو پاکژکار کاردەکا. ئەوە بووە تە نموونەیەکی وای کە ڕیپۆرتاژێکی تەلەڤزیونی لێسازکراوە. پەنابەری واهەیەکە لە وڵاتی خۆی حقوقی خوێندووە، بەڵام چونکە کاری وەدەست نەکەوتووە، بە ناچار لە ڕەستوڕان قاپشۆری دەکا. من خۆم قاپشۆریم کردووە. لە خانەی پیر و پەککەوتە وەک خزمەتکار کارم کردووە.

3 – دەستەیەکیش هەن کە لەژیان دا سەر کەوتوو نین. بە جارێک تووشی ناکۆکی و ئاڵۆزی هاتوون. بونەتە Alkholist یانی دایمە دەخۆنەوە، مەست و سەر خۆش، تووشی مەوادی موختەدر بوونە. جا، ئەوە بووەتە هۆی ئەوە کە دزی بکەن، شەڕەچەقۆ بکەن، وەلحاسڵ کەوتوونەتە پەراوێزی کۆمەڵگەوە.( هەڵبەتە ئەم دیاردەیە زۆر سەیر نییە. لە زۆربەی وڵاتان ئەمە هەیە، ئەمە هەر تایبەت بە پەنابەری کوردیش نییە )

دەستەیەکیش هەن کە ویستویانە ژیانی خۆیان وەک ئەوان دابین بکەن. دیارە کە ئەم دەستەیە زیاتر دەکەونی دژایەتی لەگەڵ دەروونی خۆیان. لەوێ ژنان پتر وەردەگیرین و لە بازاڕی کاردا کاریان دەدەنێ. دابەش کردنی کار وەک ئێرە نییە، کە پیاو لە دەرەوە کار بکا، و ژنیش خانەداربێ و لە ماڵەوە کار بکا. پیاو و ژن هەر دوو لە دەرەوە کار دەکەن. لە نێوان باوک و دایک و منداڵەکانیان دا دژایەتی ساز دەبێ. خۆیان دەیانەوێ کورد بمێننەوە، بەڵام منداڵەکانیان دەیانەوێ وەکوو سوێدی بژین.بە بۆچونی زۆر کەس دایک و باوک هەر دەتوانن تا 25 لە سەد لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانیان دا ئەسەر دابنێن، بەڵام کۆمەڵگای خانەخوێ 75 لە سەد. چنوکە خوێندنگە و هاو بازییەکانیان لە کۆڵان و سەر شەقام دا لە باشگاکان، لە

وەرزش و یاری جۆراوجۆر دا، بەتایبەتی بەرنامەگەلی کارتۆن دەبنە هۆی ئەوە کە منداڵەکان یان دوو زمانە بن، واتە هەر دوو زمانەکە بە باشی فێر دەبن، یان زمانی دایکی دەنێنە لاو و زمانی ئەو وڵاتە باشتر فێر دەبن. دەستەیکی کەمیش سەریان لێ دەشێوێ و هیچیان بە باشی فێر نابن. هەڵبەت لە مەدرەسەکان خوێندن بە زمانی کوردیش هەیە، بەڵام هەل و مەرج جۆرێکە، کە منداڵ زۆر فێر نابن. بنەماڵەکان بێگیر وگرفت نین. هەندێک پێیان خۆشە هە ر سوننەتی بمێننەوە. بەشێکیش دەچنە سەر ڕەوشتی و ئاکاری خانەخوێ، بە تایبەت ئەو خێزانانەی کچیان هەیە گیر وگرفتیان زۆرترە. جاری واهەیە ڕووداوی زۆر ناخۆش دێتە پێشێ. بۆ نموونەی ڕووداوەی «فادیمە» فاتمە شاهینداڵ. بەڵام زۆر بنەماڵە هەن لێرە چۆن ژیاون لەوێش هەر وان. ئی واش هەن کە گەیشتنە سوێد و ئیجازەی مانەوەیان وەرگرت ژنانی واهەن بە ئاشکرا بە مێردەکەیان دەڵێن من کێم وتۆ کێی. من نامەوێ لەگەڵت بژیم. بە پێی مەقالەیکی مێهرداد داریوش پوور – کۆمەڵناسێکی ئێرانی لە زانکۆی Stockholm 61 لە سەدی بنەماڵە ئێرانییەکان گەیشتونەتە تەڵاق و لێک جیا بوونەتەوە. هۆی ئەم دیاردەیەش ئەوەیە کە لە وێ ژنان ئازاد و سەر بەستترن کە هەڵبژێرن چۆنیان پێخۆشە وا بژین چۆن پەیوەنی لەگەڵ پیاوان دا بمەزرێنن. پابەندی مەسەلەی ئەخلاقی بن، یان نەبن. ژن ئەگەر لە مێردەکەی جیا بێتەوە کاریشی نەبێ نەتوانی خۆی بەخێو بکا، لە لایەن دەوڵەتەوە بەخێو دەکرێ. لە باری ئابورییەوە ناکەوێتە تەنگ وچەڵەمەوە. کۆمەڵگاەش بە چاوی سووک چاوێ لێناکا. بە بێ ئەوەی لایەنێک تاوانبار بکەم لە سوێد زۆرتر ژنان پێش هەنگاون بۆ تەڵاق و جیابوونەوە، تا پیاوان. بەڵام لە نێو کوردەکان دا ڕێژەی تەڵاق و لێک جیابوونەوە کەمترە. بە تەخمین ڕەنگە لە نێوان 20 تا 25 لە سەد بێ. بەڵام دیاردەیەکی نوێش سەری هەڵداوە، ئەویش ژنی وەک دەڵێن « پۆستی هێنانە ». کە لە ئۆروپا و کاندا و وڵاتانی ئەمریکاش بوەتە باو و دێتە بەر چاو. زۆربەی ئەو پەنابەرانەی کە لە کاتی شەڕی نێوان دەوڵەتانی عێراق و ئێران دا ڕوویان کردە سوێد نێرینە و تەمەن نێوان 18 تا 30 ساڵە بوون. زۆربەی ئەوانە نەیان توانیوە لە کۆمەڵگەی سوێد دا هاوسەری ژیانی خۆیان پەیدا بکەن و خێزان و بنەماڵە پێک بێنن. جا، یان خۆیان نەیانگەرەک بووە، یان کچ و ژنی ئەوێ لەگەڵ بێگانە و نامۆ زەماوەند ناکەن. هەڵبەت هەر دوو بار هەیە. جا، ئەوانە بە ناچار ڕوو دەکەنەوە وڵاتی خۆیان و لە دایک و باب و کەس وکار ڕادەسپێرن کە لە وڵاتی خۆیان کەسێکیان بۆ دیاری بکەن و ژنیان بۆ بخوازن. بەشێک لەو جۆرە ژنانە هەر کە دەگەنە ئۆروپا و ئیقامەت وەردەگرن داوای تەڵاق دەکەن و دەیانەوێ جیا بنەوە. بەشێک دەکەونە داوی جیاوازی فەرهەنگی ئێرە وئەوی و تووشی دوو دنیای جیاواز دەبن. ناتوانن خۆ بگرنەوە ئاکامی دەبێتە ناخۆشی و جیا بوونەوە. دەکرێ بڵێن نزیک بە 40 لە سەدی ئەو جۆرە زەماوەندانە سەقامگیر دەبێ.

- لە باری خانو و مالەوە، کۆمەڵناسێکی سوێدی بە ڕەخنە لە وەزیری ئاوەدانی و ژینگە، دەیگوت: ئێوە گێتۆ تان ساز کردووە. گێتۆ وەک مەجبورئاوای شاری خۆمانە. پەنابەر و کۆچەر بە زۆری ماڵیان لە پەراوێزی شار دا دەدەنێ. بۆی هەیە کە نزیک بە 10 لە سەدی پەنابەری کورد بتوانێ خانووبەرە بۆ خۆی بکڕێ. ئەوانی دیکە لە خانووی کرێ دا دەژین. لە شاری Stockholm چەند گەڕەکی بە ناوبانگ هەیە وەک گەڕەکی Rynkeby کە 90 لە سەدی پەنابەر و کۆچەر نیشنە یان گەڕەکی Tensta هەر وەها Norrborg یان لە شاری یوتەبۆری Göteborg چەند گەڕەک هەیە وەکوو,Bergsjön, Kortedalla, Angered کە ناخۆشترین شوێنن. هەرچی بەدکاری سوێدی و پەنابەری بێ ئیقامەت و بێکارە لەو گەڕەکە دەژین. یان گەڕەکی Hisingen کە سوێدی یەکان بە گاڵتە پێی دەڵێن Istambul بۆچی چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەو گەڕەکە زۆربەیان کۆچەرن کە لە تورکییەوە هاتون. سەیر ئەوەیە ئەوانەی کە پێیان دەڵێن تورک زۆربەیان کوردن.

کاتێک پەنابەر دەگەنە سوێد، جا چ لە دیاربەکرەوە بێن، یان لە سلێمانی و مەهاباد ەوە، بە هۆی زمانی هاوبەش و کورد بوون، هەستی هاو ڕەگەزی و هاو دەردی و شعوری نەتەوەیی لە یەکیان نزیک دەکاتەوە. و تێکەڵاوی و ئاموشۆ پێک دێ. لە باری زمانەوە، گوێ گرتن لە دیالکتی یەکدی و دانوستاندن، پێکەوە ناسیاوی و هاودڵی سازدەبێ، ژن خوازی چێ دەبێ. لە شایی و شیوەنی یەک دا بەشداری دەکەن. ئەگەر جەژنی نەتەوەیی نەورۆز دێ کوردی هەموو لایەک بەشداری دەکەن. ساڵێک لە Stockholm جەژنی نەورۆز لە لایەن فیدراسیونی کۆمەڵە کوردستانییە کانەوە گیرابوو، نزیک بە 5000 کەس بەشداری یان تێدا کرد بوو. بە هۆی ئەم دانوستنانەوە کوردەکان یەکدی باشتر دەناسن. بەڵام ئەوەش هەیە کە کورد زیاتر

له حەفله و جەژنەکان دا زیاتر یەک دەگرن هەتا له سمینار و کۆبوونەوه ڕامیاری و کۆمەڵایەتی دا. له شیوەن و پرسەدا زیاتر به یەکەوه ماندوون تا مەسەلەی سیاسی. ئەگەر کۆبوونەوەیەک ببێ دەستەی ڕووناکبیرانی کورد زۆرتر بەم مەسەلەیەوه ماندوون. هەڵبەته ئەمه سەیر نییه، له نێو سوێدییەکانیش دا ئەم دیاردەیه هەر هەیه. لام وابێ له وڵاتانی دیکەش هەر وابێ. جارێک چوومه کۆبوونەوەی یەکیەتی کۆمەڵناسانی سوێد، له نێو سالۆنێکی گەوره دا چەند ژن و پیاو بەشدار بوون. بەڵام ئەگەر بۆ وێنه مایکل جاکسۆن بێ و گۆرانی بڵێ پێتوایه که چ دەبێ، ڕێی ڕێدار نابێ ! ئەمه بەداخەوه ڕاسته و حاشا هەڵناگرێ.

لاموایه که، ئەگەر ڕۆژێک له ڕۆژان، له وڵاتی خۆمان ئاسایشی گیانی و کار و پیشه هەبێ بۆی هەیه که 70 له سەدی نەسلی ئەوەڵی، پەنابەر و کۆچەره کوردەکان بگەڕێنەوه. بەڵام جیلی دووم 30 له سەدیشی ناگەڕێتەوه. نەمگەرەکه ناوی هیچ کەس بێنم، بەڵام به ناچار ئەم پرسیاره به زێهن دا دێ: ئایا ڕێکخراوه و حیزبه سیاسیەکان بەرنامەیەکیان بۆ گەڕانەوەی ئەو کۆچەرانه هەیه؟ دەوێرم بێژم تا ئێستا هیچمان لێ نەدیون. ڕەنگه هەقیان بێ چونکه سەرۆک ڕێکخراوەکانیش خۆیان له هەمان گەلەگەمیەدان. زۆرکەسی واهەیه که لەسازمان و حیزبه کەی تۆراوه، یان وەدەریان ناوه! دەستەیەکیش چونکه له شەڕدا بریندار بوون، و ئەندامێکی لەشی خۆیان له دەست داوه، ژیانی لەوێ باشتره تا بگەڕێتەوه بۆ ئێره. دیاره که سیاسەتی ئاسیمۆلاسیونی Asimula دەوڵەتانی وڵاتانی ئۆروپا وای کردووه، که وابێ. کوردەکانی سکاندیناڤیا واز وگوزەرانیان له ئی وڵاتەکانی دیکه باشتره. جا، هۆی دیکەش زۆره. بێتەوه لێره چ بکا؟ چۆن بژی؟ ناکۆکی نێوان دوو جیل چی لێدەکرێ ؟ ئەو لەوێ گۆڕدراوه، ئێرەش ئەو کۆمەڵگایه نییه که ئەوان به جێ یان هێشتووه . . .

## پەنابەر وەرگرتنی ئەمڕۆی یەکیەتی ئۆروپا

وڵاتانی ئەمڕۆکەی یەکیەتی ئۆروپا لەگەڵ گیر وگرفتی بێکاری، هێزی کاری نێو وڵاتانی خۆیاننیان هەیه. هەر بۆیەش سیاسەتی پەنابەر وەرگرتنیان گۆڕاوه. هەر بۆیەش هەموو وڵاتانی ئۆروپایی کۆبوونەوه و دانوستاندن یان له لۆکزامبۆگ له گوندی شێنگن Schengen هوبوو، بڕیاریان دا، که هەل ومەرجی پەنابەر وەرگرتن بگۆڕن. جا، ئێستا وەرگرتنی پەنابەر ئاسان نییه. بەڵام ئەگەر کەسێک ویزای شێنگنی هەبێ دەتوانێ له هەموو وڵاتانی یەکیەتی ئۆروپا دا سەفەر و گەشت و گوزار بکا. جا، ئەو کەسانه که له کوردستانه وه به قاچاغ به هەزار چەرمه سەرێ و له ڕێگای هات و نەهاتەوه خۆ دەگەیەنێته یەکێک له وڵاتانی ئۆروپا، چییان به سەر دێ، ئەگەر بیکەینه فیلم لام وایه که دەبێته فیلمێکی دڵتەزێن، ئەو کەسانەی دەگەنه وڵاتانی ئۆروپایی – لێره له ترسی پۆلیسی گۆپاڵ به دەست ڕایان کردووه، بەڵام له وێش که له درگای سنووریان دا دەگەڵ پۆلیس وسەگ ڕوو بەڕوو دەبنەوه. باسمان کرد که ئەم پڕۆسێسه چۆن دەگاته ئەنجام- من بەش بەحاڵی خۆم دژی کۆچ و شوێن گۆڕکی نیم، بەڵام ئەگەر بۆ ژیانه بۆ لێره ناژین، ئەگەر بۆ خزمەته، کوردستان جێی خزمەته نەک دووره وڵات.